چیرۆکی ژیانم

# ئەو نامانەی کە بێزارم دەکەن

بەشی دووەم و کۆتایی

هێرش عەبدولڕەحیم



دوای دیداری کچە پوورەکەم، هەواڵی نامەکان بزر بوون. پێموابوو ئیدی پەیدا نابنەوە . بەیانییێک زوو لە خەو هەڵسام، کاغەزێکی گەورە لەسەر جامی سەیارەکەم دانرابوو، بەپەلە کاغەزەکەم هەڵگرت ، هەمدیسان بەزمەکە بوو . ئەو جارەیان بە زمانێکی توندتر نووسرابوو ، مۆڵەتی ٧ ڕۆژمان پێدرابوو، ئەگەر خانووەکە چۆڵ نەکەین و لەو شوێنە دوور نەکەوینەوە ، نەک هەر خۆم بەڵکو خێزانم و براکانیشم دەکوژرێن!. هیچ کەسێکم لە هاتنی ئەو نامەیە ئاگادار نەکردەوە. لێکدانەوەی زۆرم بۆ کرد. دەیان هزر و بیرۆکەی سەیرو سەمەرە گوزەریان کرد. پێموابوو ئەگەر لای خێزانم باسی بکەم، بەخێرایی دەیگەیەنێتە دایکم و براکانم. ئەگەر ئەوانیش لە ناوەڕۆکی نامەکە ئاگادار بکرابانەیەوە لەوانەیە هەڵوێستی دیکەیان دەبوو، یان ناچاریان دەکردم خانووەکە چۆڵ بکەم یان یەخەی دەرو دراوسێیان دەگرت و گرفتەکە گەورەتر دەکرایەوە. براکانم گومانیان لە دراوسێیەکی خۆمان هەبوو. ئەو سەر بە لایەنێکی دیکە بوو، پێشتر زۆر هەوڵی لەگەڵ دابووم و داوای لێکردبووم کە بچمە لای ئەوان، من ڕەتم کردبۆوە، بەو هۆیەوە هاتوچۆی یەکترمان نەدەکرد. ئەوجارەیان هزری منیش لەسەر ئەو کەسە گیرسایەوە. بەڵێنم دا شەوانە تا بەیانی ئێشک بگرم و ئەو کەسە دەستگیر بکەم کە ئەو نامانە دەهێنێ.

بۆ ئەم مەبەستە هەفتەیەک مۆڵەتم وەرگرت و نەچوومە سەرکار. ڕۆژانە دەخەوتم و شەوانەش ئێشکم دەگرت. حەوتەمین شەو کلاشنکۆفەکەم لەدەستدابوو، لەپشت دەرگەی حەوشەوە خۆم مەڵاس دابوو. لە درزی دەرگەوە سەیری کۆڵانەکەم دەکرد و نیگای چاوەکانم لەسەر ماڵی دراوسێکە گیرسابۆوە، لەو کاتەدا کابرا هاتە دەرەوە و بەرەو لای ماڵی ئێمە هات، گومانم زیاتر بوو، دامنابوو هەر نامەکە هەڵداتە حەوشەوە دەستڕێژی لێبکەم. من خۆم بۆ ئەمە ئامادەکردبوو. هێواش هێواش بۆ لای ماڵی ئێمە هات. لە دەرگەی دا. ماوەیەک خۆم مات کرد، پاشان دەرگەم کردەوە. حەپەسا، بە گومانەوە پرسی : ( بەم نیوە شەوە لە پشت دەرگەوە چیت دەکرد؟!) . منیش گوتم :( تۆ بەم نیوەشەوە چی دەکەیت ؟ فەرموو چیت لە ئێمە دەوێ؟!). ئەو وەڵامی پرسیارەکەی منی نەدایەوە ، بە ئارامییەوە گوتی : ( شتێک هەیە دەمەوێ بۆتی بگێڕمەوە. خەڵکی گەڕەک دەزانن کە جار جارە نامە هەڵدەدرێتە ماڵی ئێوەو هەڕەشەتان لێدەکرێ. بۆ ئەم مەبەستە ماوەیەکە شەوانە ئێشک دەگرم و دەمەوێ ئەو کێشەیە ئاشکرا بکەم. هەفتەیەک لەمەوبەر لەسەر بانەوە سەیری کۆڵانم دەکرد، کەسێکم بینی بەسەر دیواری حەوشەتان هەڵگەڕا ، من وام زانی دزە ، خۆم ئامادەکرد هەر هاتە دەرەوە بە شتەکانەوە بیگرم، بەڵام ئەو پارچە کاغەزێکی لەسەر سەیارەکە داناو گەڕایەوە، ئیتر منیش سەیارەکەی خۆم دەرهێناو بەدوای کەوتم. لە گۆڕەپانەکەی ئەو دیوو سەیارەیەک ڕاگیرابوو، بەپەلە سولفێکی لێداو ڕۆیشت. من بەدوای داچووم. چەند کیلۆمەترێک دوور کەوتەوە ، فوول لایتم بۆ لێداو ڕامگرت . چەکم لێڕاکێشا، ئەو لە جێگەی خۆی وشک بوو. زۆر پاڕایەوە کە نەیکوژم. ڕاستی کێشەکەی بۆ باس کردم. من چاوەڕوان بووم تا بزانم لەو ماوەیەدا چی دەکەیت؟ ئایا دەترسیت و خانووەکە چۆڵ دەکەیت ؟ یان پیاوانە پێداگری دەکەیت و بێباکانە دەمێنیتەوە؟! ).

بەیانی زوو چوومە لای دایکم و داوام لێکرد سەردانی ماڵی پوورم بکات و هەموویان لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. دوای دوو ڕۆژ دایکم گەڕایەوە، ئەوان نەهاتبوون. دایکم دەیگوت( زۆریان پێخۆشبوو کە وەڵامت بۆ ناردوون و داوای هاتنی ئەوانت کردووە). ئەوانیش بەڵێنیان دابوو لە زووترین کاتدا بێن و سەردانمان بکەن. دوو ڕۆژەکە تێپەڕبوو، نەهاتن. زۆر پەست و نیگەران بووم. دەمویست جارێکی دیکەش وەڵامیان بۆ بنێرمەوە، بەڵام دایکم لە هاتنیان دڵنیا بوو. نەیدەزانی بۆچی هێندە پەرۆشی هاتنی ئەوانم. ئەو دەیگوت : ( بۆچی بەر لە ژنهێنان ئەو کارەت نەدەکرد! کێ دڵی سەر بەهەوێ شووت پێدەکات !).

ماوەیەک گوزەرا هیچ هەواڵیان نەبوو، ڕۆژێکیان کاتێ لە کار گەڕامەوە، خێزانم هەواڵی هاتنی ئەوانی پێدام. هەستم کرد شڵەژابوو. هاوسەرەکەم واتێگەیشتبوو نیازی ژن هێنام هەیەو دەمەوێ کچە پوورەکەم بخوازم . بە نیگەرانیەوە گوتی : ( دەڵێن لەسەر داوای تۆ هاتوون! نازانم مەبەستت لە هاتنیان چییە؟ ). من بە پێکەنینەوە پێمگوت : (جارێ با خواردنەکەم بخۆم ،دوایی تێدەگەیت !). ئەو قسانەم نیگەرانتریان کرد. بە پەشۆکاویەوە خواردنەکەی بۆ دانام. بە جووتە چووینە ماڵی دایکم. میوانەکان شادو دەم بەپێکەنین بوون. پوورم باسی خزمەکانی دەکرد ، شووەکەی ڕەوشی ئەوێی بۆ دەگێڕاینەوە، کچەکەیان بێدەنگ دانیشتبوو، بوکانە ڕەفتاری دەکرد. بەنازەوە دەدوا و شەرمی دەنواند. ئێوارەکەی پوورم و شووەکەی لەگەڵ مندا هاتن و چووین بۆ گەڕان. لە ڕێگەدا مەبەستی خۆم تێگەیاندن ، ئەوان سەرسام بوون. نەیاندەزانی چی بڵێن. پێشنیاریان کرد کە بەتەنیا قسەی لەگەڵدا بکەم.

کاتێ هاوسەرەکەم زانی نیازمە لەگەڵ کچە پوورەکەم دابنیشم، خەریک بوو دڵی بتۆقێ، نەیدەزانی چی بڵێ، گومانی زیاتر ببوو، بەڵام مەسەلەکەشی لا ڕوون نەببۆوە. بۆ ئەوەی لەبەر چاوی ئەوان ڕەفتارێکی نابەجێ پێشان نەدا، بانگم کرد و بەسرتەوە پێمگوت : ( خۆت نیگەران مەکە، هەموو شتێ بەخواستی تۆ تەواو دەبێ).

دەرفەتیان ڕەخساندو بەجووتە دانیشتین. ئەو بیری لە پێشهاتی نوێ نەکردبۆوە ، وایدەزانی مەسەلەی گومانەکەی سەر ئەو کۆتایی پێهاتووە.دەربارەی ژیانی داهاتوو دانوستاندن دەکەین. من لەسەرخۆ، بە ئارامی دەدوام. سەبارەت بە ژیانی خۆی و پرۆژەکانی ئایندە پرسیارم لێدەکرد. ئەو بەنەرمە شەرمێکەوە چاوی هەڵدەهێناو باگۆی دەدامەوە. خەیاڵی بەرەو داهاتوو فڕی بوو. لە خۆشیانا باڵی گرتبوو. دەیویست شادومانی بشارێتەوە. خۆی نەبان دەکرد، دەیویست بەخۆشەویستی دەستپێبکەم و داوای پەشیمانی بکەم. هێواش هێواش بەرەو ئاقارێکی دیکە دەچووین. هەرکە ناوی ئەو کەسەم لێپرسی کە نامەکانی هێنابوو، ڕەنگی تێکچوو، لەرزی ، ویستی نکۆڵی لێبکات . من بەڵگەی تەواوم لەدەست دابوو. بە ناچارییەوە پێی لێناو ڕاستیەکانی ئاشکراکرد. زۆر پاڕایەوە تا بیبوورم. من جگە لە بووردن هیچ ڕێگەیەکی دیکەم لەبەردەم دانەبوو. بە ئەنقەست خۆم گرژ دەکرد و بە کوشتن دەمترساند. سەرەنجام بەوە کۆتایی هات کە چیتر پارە بەو کەسە نەدات و چیتر نامە ڕەوانە نەکات و چیتریش بیر لە من نەکاتەوە. ئیتر بەڵێنی دا بیر لە داهاتووی خۆی بکاتەوەو جارێکی دیکە بیر لە ناردنی نامە نەکاتەوە.

بەم شێوەیە لەو نامانە ڕزگارم بوو کە پێیانەوە نیگەران وبێزار ببووم ، ژیانیان پڕ گومان و لێکدانەوەی نابەجێ کردبووم.

## چۆن خەوێکی خۆش بۆ منداڵەکەت دابین دەکەی؟

ئا: کەلسوم

زۆربەی منداڵان سەرەڕای ئەوەی ڕۆژێکی پڕماندوێتی و پڕ یاریکردنیان بەسەر بردووە، کەچی هێشتا بەرەنگاری لە چوونە ناو نوێنی نووستن دەکەن و نایانەوێ بنوون، ئەمەش دەبێتە هۆی نیگەرانی و بێزاری دایک و باوکیان.

ئەمەی خوارەوە چەند ئامۆژگاری و چەند ڕێنماییەکی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ پزیشکی منداڵانە لە پێناو دوورکەوتنەوە لە شەڕو هەراو دەمە دەمێی نێوان دایک و باوک و منداڵەکانیاندا، لە ماوەی پێش چوونە نێو جێگەی نووستنەوە بە ئارامی و بێدەنگی.

- ئاگاداری، کاری ڕۆتینی ڕۆژانەت کە بۆ منداڵەکەتت داناوە، لێی لانەدەی، بۆ نموونە.. سەرەتا شووشتنی، دوای ئەوە گێڕانەوە یان خوێندنەوەی چیرۆک بۆی، بە جۆرێک هەموو ئەو کارانە یەک بەدوای یەکداو لە هەمان کاتی ڕۆژانی پێشوودا، وە بەهەمان شێوازی شەوان، هەموو شەوێک دووبارە بکرێنەوە. کاری ڕۆتین و یاسایی، منداڵەکەت بەرەو حەوانەو بەرەو خۆبەدەستەوەدان دەبات.

- ئەگەر منداڵەکەت لە نیوەی شەودا بە ئاگاهاتەوە، هەمان کاری ڕۆتینی و بەهەمان شێوە لەگەڵیدا دووبارە بکەرەوە، بە وریایی و بە سەرنجەوە.

ئاگاداری ئەو چیرۆکە ببە کە پێش نووستنی منداڵەکەت بۆی دەخوێنیتەوە، پێویستە چیرۆکێکی سادەو سووک بێت و ڕووداوەکانی نەرم و نیان بن، بە جۆرێک یارمەتی منداڵەکەت بدەن تا خەوی لێبکەوێ و دووربێت لە ڕووداوی ترسناک و ناخۆش.

- ئەگەر منداڵەکەت شیرەخۆرە بوو دەتوانی لەگەڵ چیرۆکەکەدا بە هێمنی ڕایبژەنی، چونکە منداڵ ڕاژەندنی زۆر پێخۆشە، بە جۆرێک دەتوانێ لێدانی دڵی دایکی هەست پێبکات.

- ئەگەر زانیت منداڵەکەت تاریکی بەلاوە ناخۆشە، دەتوانی گڵۆپێکی کزی بۆ دابگیرسێنی، بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە بخەویت.

- هەوڵبدە دوور بکەویتەوە، زوو خەواندنی منداڵەکەت بکەیتەجۆرێک لە سزادان بۆی، هەڕەشەی زوو خەواندنی منداڵ هەستێکی خراپ لای منداڵ درووست دەکات و کاریگەریەکی خراپی دەبێت لەسەری و زیانی دەبێت بۆ ئەو هەوڵەی کە لەداهاتوودا بتەوێت هانی منداڵەکەت بدەی زوو بیخەوێنی.

- دەبێ دایک ئاگای لای نووستنی منداڵەکەی بێت لە کاتی نیوەڕۆدا، نووستنی منداڵ کاتی نیوەڕوان ئەگەر کەمیش بێت وادەکات منداڵەکەت شەوان بە ئاسانی خەوی لێبکەوێ.

- داوا لە باوکی منداڵەکەت بکە با بەرپرس و بەشدار بێت و یارمەتیت بدات و هانی منداڵەکەت بدات تا زوو بخەوێت، چونکە زۆر جار منداڵ داوای باوکی یان دایکی باشتر لەویتر گوێی لێدەگرێ.

- لێکۆڵینەوەیەک ئەوەی دەرخستووە، منداڵ تووشی تێکچوون و شێوانی کاتی خەوتنەکانیان بوون، ئەوکاتەی کە دایکیان گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی، ئەوەش بۆتەهۆی تێکچوونی کاتی نووستنەکانیان. هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە ئەو منداڵانەی دایکیان یان باوکیان یان یەکێ لە کەسە نزیکەکانیای نەخۆش کەوتووە، دیسان تووشی شێواندن و تێکچوونی کاتی خەو هاتوون، هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکی بەشی منداڵانی نەخۆشخانەی کالیفۆرنیادا دەرکەوت ئەو منداڵانەی تووشی تێکچوون و شێواندنی خەو دەبن تەمەنیان دەکەوێتە نێوان ٢-٤ساڵ، تایبەتمەندان دەڵێن:

ئەو منداڵانەی تووشی نائارامی و پەشێوی دەبن، بە گەلێ ڕێگە بەرگری لەوە دەکەن کە بچن بۆ ناو جێگەی نووستن و لەکاتێکی دیاریکراودا بنوون. یان شەوان چەندین جار دایک و باوکیان بە ئاگا دەهێننەوەو بیانۆ دەگرن و سوورن لەسەر ئەوەی کە دەبێ یەکێ لە دایک و باوکیان لە لایان بمێنێتەوە. هەموو ئەو کارانە پێویستیان بەپاراستنی هێمنی زیاتری دایک و باوک دەبێت تا لای منداڵەکانیانەوە بە دڵێکی پڕ هەست و سۆزەوە بمێننەوە، تا بتوانن منداڵەکەیان لەو تەنگەژەیە بە ئاشتی و بە خۆشی دەربکەن.

# کۆمەڵگەی کوردەواری و ژێردەستەیی ژن

بەشی دووەم

نوسینی: شەهلا نیگەهداری



بە پێی چاوخشاندنێک کە بە سەر پێک هاتەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردەواری دا بوومان و بە لێک دانەوەی دەور و نەخشی ژن لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر، دەر دەکەوێ بۆ ئەوەی ژنانی کۆمەڵێک گەر بیانەوێت لەم قۆناغە تێپەڕ بن پێویست بە چارەسەر کردن و ڕەچاو کردنی چەن فاکتەری بنەڕەتی ئەکات، لە کۆتایی بەشی یەکەم سیستەمی پەروەردە وەکوو یەکێک لەگرنگترین و سەرەکی ترینی ئەم فاکتەرانە ناو لێبردرا. بەڵام ئێستا بە لێک دانەوەیەکی لۆژیکی سیستەمی پەروەردە و کاریگەریکانی ئەم ئەساسە لە سەر کۆمەڵ و کۆمەڵگا هەڵدەسەنگێنین . پەروەردەکردن خۆی لەگەڵ ئەساسێکی لۆژیکی هاوکاتە ،واتە بنەمایەکە بۆ بارهێنان و پێگەیاندنی تاکەکانی ناو کۆمەڵ بۆ باشتر بەڕێوە بردنی ئەرک و کارەکان و ئیدارەکردنی کۆمەڵگایەک کە لە سەر بنەمای کاری هاوبەش و پێکەوە ژیان بونیاد ئەنرێت، بەم پێیە پەروەردە کردن لە سەر هەموو بوارە پەیوەندی دارەکانی ژیانی بە کۆمەڵ وورد ئەبێتەوە وهەمووان لەگەڵ ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیە ئاشنا ئەکات.پەروەردە کردن ئەرک و کارەکان بە پێی تواناکان بە تاک ئەناسێنێ و هەر لە سەرەتاوە ئەرکەکانی هەر کەسێک لە چوار چێوەی کۆمەڵگایەکی شارستانی دا دیاری ئەکات ،ڕێز گرتن لە یاسا،بە ڕەسمی ناسینی مافی هاوچەشن،هەوڵ دان بۆ بەرەوپیش چوونی باری شارستانیەت و هتد.ئەوانە ئەبێتە هەوێنی هەرچی زۆرتر گەشاوە بونی کۆمەڵگایەکی ئازاد و سەربەست کە تێدا نان بۆ هەموان هەیە کار بۆ هەموان هەیە ودەرفەتی کەڵک وەرگرتن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان بۆ هەموان دەرەخسی ، هەڵبەت هەر بە تەنیا سیستەمی پەروەردە ناتوانێ زامنی بەدی هێنانی وەها کۆمەڵگایەک بێت، بەڵکوو هاوکاری کردنی تاکەکان لە هەموبواریکەوە ئەتوانێ ئەم ڕێگەیە خۆش بکات. بەم پێناسانە گەرچاوێکی نۆستالۆجیکی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواری دا بخشینینەوە هەمیسان نوقسانی و کەم کۆڕی زۆرتر بەر چاو ئەکەوێت ،ئەم جارەش ڕەگەزی مێینە لە زۆر یەک لە بوارەکانی ژیان ئاستەنگی ئەخرێتە بەردەم "نەکەی نەکەی تۆ کچی " ئەبێتە ئاڵقەی گوێی بەشێکی کۆمەڵگا کە هەل و دەرفەتێکی زۆری خۆ نواندن و بەشداری چالکیەکانی تێدا حەشار دراوە . لە یەکەم قۆناغی پەروەردە ،واتە بنەماڵە دووجۆر ئەرک و گەلاڵە بۆ ژیان دا ئەڕێژرێت یەکەم بۆ ڕەگزی نێرینەیە کە دەرفەت و مەجالی هەموو ئیش و کارێکی پێ ئەدرێت بە بێ ئەوەی چاو لە تواناییەکانی بکردرێت: بەڵام لە لایەکی دیکەوە چاوێکی دیل کراوی دەستی سیستەمێکی لە ناوەڕۆک پێچەوانە بە حەسرەت و خۆزگەوە ئەڕوانێتە ئەم هەلەی کە بۆ هاوچەشنەکەی ڕەخساوە .ئەرک و کارەکانی ژن تەنیا لە چوار چێوەیەکی بەرتەسکی کۆمەڵێکی بچوک دا تاریف دەکرێ ئەویش بە لەبەر چاو گرتنی تەنگ و چەڵمەیەکی یەکجار زۆر و سنورێکی بەرتەسک ،تەنانەت جاری وایە ئەوەندە گوشاری ئەخرێتە سەر کە نەکا بە دوور لە چاوانی ڕەگزی باڵادەست لە دڵەوە حەز و ئاواتێکی بوبێت چونکە لەم حاڵتە دا ئەوە شەڕەف و کەرامەتی پیاوەکان دەزرێت و ئەبێ سزا بدرێت . ئەوەیە سیستەمی پەروەردەی کۆمەڵە بچوکەکانی ناو کۆمەڵگای کوردەواری کە هەر لە سەرەتاوە تووی نابەرابەری و بێ عەداڵەتی ئەچێنێت و لە مەودا بەر فراوانەکەی دا واتە کۆمەڵگای دەرەوەی ناو ماڵ ئەم نابەرابەری و بێعەدالتیە بە چەن قات زیاد دەکات .لە باس کردن دەربارەی کۆمەڵگایەکی ئاسوودە دا هەموو شتێک لە سەر بنەمای پێکەوە ژیان بە لە بەر چاو گرتنی مافی یەکسان بۆ هەموان پێناسە کرا،کۆمەڵگایەک کە تێیدا لە سەرەتاوە وەها پەروەردە دەکرێن کە ڕێز لە حەز و خواستەکانی هەر تاکێک بگیرێت و بواری بۆ برخسێت تاکوو باشتر لەم مەجالەداسەر بکەوێت . بەڵام لە کۆمەڵگایەک دا کە یاسا و ڕێسایەکی کۆن و مەزهەبی ئەرک و حەز و توانا وخواستەکان بۆ هەمووان دیاری ئەکات، سیستەمی پەروەدەکەی بەر لە هەر شتێک هۆکاری دواکەوتویی ئەو کۆمەڵگایە و ژێر دەستە بونی ژنانە سیستەمی پەروەردە دەبێ ڕێ خۆش کەری گەشەکردن بێت و هەموان بۆ ڕێز گرتن لە یەکتر ئامادەبکات . تەنیا لە بواری توانا و ئیستعداد و لێ هاتوویەکان دا جیاوازی هەبێت نەک بە هۆی ڕەگەز و لە لێک دانەوە کۆن و مەزهەبیەکان دا جیاوازی حقوقی و مەعنەوی بخرێتە نێوان تاکە کانی کۆمەڵگا و لە ئاکام دا سیستەمی کۆمەڵایەتی .